

نهێنی ئەمشەو بۆ کەس مەگێڕەوە

# چارەنووسی ژنێك،
# بەدەست عەقڵی خێزان سالاری

**بەهۆی** ئەوەی لە خێزانی کوردیدا دەسەلاَت هەڕەمییە، باوك لووتکەی هەڕەمەکەی گرتووە و دەبێ هەموو بڕیارو هەڵسوکەوتێك لەژێر کۆنتڕۆڵی ئەودابێت، زۆر جار ئەندامانی خێزان دەبنە قوربانی تێڕوانینی هەڵەی باوك. هەرچەندە لەنێو خێزاندا ژن ئەرکێکی گرانی لە ئەستۆدایە و کائینێکی ماندوو و هیلاکە، وەلێ باوك تا دوا ساتەکانی ژیانی ئامادەنییە تاکەکانی نێو خێزانەکەی، بە تایبەت ژن و کچەکانی لە کۆنتڕۆڵی دەربچن و لەدەرەوەی ئیرادەو تێفکرینی ئەو بۆیان هەبێ مامەڵە بکەن و لەهەڵبژاردنی ژیانی ئایندەیان بڕیاریان بەدەست بێ.

نەبوونی ئازادی تاکەکەسی و نادادوەری نێو خێزانیش، ژیان ناگەیەنێتە ئاقارێکی باش و ڕەنگە دواجاریش بەدروست بوونی کێشەگەلی جیاجیا و تاوان تەواو بێت.

بەپێچەوانەشەوە دیموکراسییەت و دادوەری و کەسایەتی تاکەکانی نێو خێزان، دەبێتە مایەی خولْقاندنی بارودۆخێکی گونجاو و ئایندەیەکی روناك. ئێمە کە کێشەی ئەو ژنە دەوروژێنین مەبەستمانە لەو دێوو گرفتی تاکە کەسێك واقیعی کۆمەڵگا بخوێنینەوە، کە تژیە لە دیاردەو گرفتی ترسناك. جێی پرسیارە بۆچی کچێك بۆی نەبێت لە دەست نیشانکردنی هاوسەری ژیانی بڕیار دەربێ و لە وێناکردنی دواڕۆژی ژیانی ڕۆڵی هەبێ؟ بۆچ خۆشەویستیی تاوان بێ و ئینسانێك هەموو دەرگاکانی ژیانی بەڕوودا دابخرێن؟ راستە ئەو کچە بەدەست پیاوێکی رەوشت نادیموکرات و دیکتاتۆر و بێ بەزەیی دووچاری ئەو بارودۆخە ترسناکە بووە، وەلێ زۆرن ئەوانەی مەحکومن بەعاشق بوون و چارەنووسیان کەوتۆتە دەست نادیاری.

خەم و ناسۆرییەکانی، دوو تویێی نامەی واقیعیانەی ئەو ئافرەتە شتێك نیە بچووك، بەڵکو ئەرکی هەمووانە، لەپێشیانەوە کەناڵەکانی میدیا و سەنتەر و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە پرسی ژنان و دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، بەدوای ئەم بابەتەوە بچن و خەمی ئەو بە خەمی خۆیان بزانن و پێکهاتە و ترادسیۆنی کۆمەڵگای کوردی و تێڕوانینی هەڵەی پیاو بەرامبەر بە ژن بخەنە ژێر پرسیار و شرۆڤە. ڕووداوی ژیانی ئەو کچە بۆ ئەو، تراژیدیایە و لە رووی عەقڵی و هزر و فانتازیاوە کاریگەری زۆری جێهێشتووە، کە هۆکارەکەی بۆ ناتەندروستی پەیوەندی کۆمەلاَیەتی خێزان و نەبوونی ماف و ئازادی تاك سەرچاوەی گرتووە. دەبێ ئەوەش بزانین تا کۆنتڕۆڵی خێزان لەدەست لووتکەی هەڕەمەکە بێ و کەسی تر بۆی نەبێ (ڕا)ی هەبێ، تا پایەو کەسایەتی ژن زەلیل و نادیاربێت، مەحاڵە کۆمەڵگای مەدەنی بەرهەمبێت و دادپەروەری بخولْقێت. بەم جەشنە ئەستەمە کولتوری دیموکراسی شوێنی کولتوری توندوتیژی بگرێتەوە.

ئێمە بەو هیوایەین، تەرخانکردنی ئەم چەند لاپەڕەی (کۆوار) بۆ کێشەی ژنێکی ئەم کۆمەڵگایە، زەنگێك بێ بۆ بەئاگاهاتنەوەمان لە نێو واقیعێکی ئاڵوز و نادادپەروەریی.

کۆوار

## بەشداربوونی مەلەف

**یوسف عوسمان**

**نوری بێخاڵی**

**ڕێبەند سەعدوڵلا**

**کەیفی شەمزینی**

**جەبار عەلی**

روونكردنەوە

# هەمووما‌ن كۆیلەی باوك سالارین

یوسف عوسمان حەمەد*

**بەردەوام** لەم دۆزەخەدا پەپوولەكان باڵەكانیان هەڵدەقرچێن و تیرۆری خەونە ئەرخەوانیەكانیان بەدەستی كەس و كاریان دەكرێت، یاخود ئەنفالی دەروونی و زەبر و زەنگ بۆتە بەشێك لە كلتوری پەروەردەیی، لەم زەمەنەدا هیچ شۆڕشێكی سایكۆلۆژی و كۆمەڵایەتی نەیتوانی ئازارەكانی گەنجانی وڵاتەكەم كەمبكاتەوە، بۆیە هەموو خۆشەویست و ئەڤیندارەكان باجی راستگۆیی ئەو دڵدارییە دەدەنەوە، كە بە مەرگ كۆتایی دێت و كەمترین پلەش سوكایەتی كردن و هەڕەشەی بەردەوامە لەسەر ژیانی ئەو جۆرە گەنجانە، كە هیچ گوناهێكیان نییە تەنیا خۆشەویستی و هەڵبژاردنی داخوازیەكانی نەبێت.

رۆژانە، یاخود لەم سەردەمەدا، چەندان كچی لەم شێوەیە بوونەتە قوربانی هەڵەكانی كلتور و دابونەریتی سەقەتی نێو كۆمەڵگا. قسەكردن لەسەر گرفتی (نهێنی ئەو شەوە، بۆ كەس مەگێڕەوە) كاری شرۆڤەكردنی زۆری دەوێت، كارێكی تایبەت نییە، بەڵكو ئاماری نهێنی باس لەوە دەكات، كە سەدان شەوی نهێنی هەیە لە ژیانی كچ و كوڕی خۆشەویست و رەنگە لەوشەوەدا زۆربەی سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانی كۆتایی هاتبێت و چێژەسێكسیەكان هەموو بەها و چێژە ئاكاریەكانی خۆشەویستی كۆتایی پێهێناوە، هەڵەی لەم شێوازە هێجگار زۆرە و هۆكارەكانی زۆرترن وەك :.

1–**لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە**: بوونی داب ونەریت و حەرامكراوەكان و نێرسالاری و سیستەمی باوكایەتی و نەبوونی ئازادی هەڵبژاردن و بە پلە دوو هەژماركردنی مێینە، بۆتە هۆی فشارێكی كۆمەڵایەتی لەسەر تاك، كەوا زۆرجار كۆنتڕۆڵی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی لە دەست دەدات، لە ئەنجامی ئەو فشارە. لە نائاگای كۆمەڵایەتییەوە ڕكابەریان دەكات و دەكەوێتە هەڵە، كە بە بۆچوونی خۆی كارێكی راست و دروستە، لە ڕقی بەرامبەر بەكار دەهێنێت، بەڵام بە پێوەری كۆمەڵایەتی كارێكی كوفرە و هەڵەیە، لەبەرامبەر ئەو هەڵەیە كە ناویان ناوە ناموس و شەڕەف، هیچ بوارێك بۆ لێبوردەیی ناهێڵێتەوە، بۆیە هەموو شتەكان لەدەست دەدات و دەكەوێتە چاڵی مەرگ. دەكرا ئەو كچە ئەو شەوە نەچێتە باوەشی ئەو كوڕە و پەردەی كچێنی پێنەبەخشێت، چونكە ئەگەر كەسێك هۆشیاری ئەوەی هەبێت قوربانی لە پێناو خۆشەویستی پاك بدات، دەبیٚ لە هەمان كاتدا هوشیاری ئەوەشی هەبێت كۆمەڵگایەكی جەلاد هەیە بەزەیی بە فرمێسكەكانی كچ نایەتەوە، ئەو كۆمەڵگایە ئامادەیی پاشینەیی هەیە بە تەور سەری كچەكە پەل بدات. كاتێك ئێمە ئەندامێكی ئەو كۆمەڵگایەین، دەبیٚ خەسڵەتە شاراوەكان و خەسڵەتە دژوار و دڕندەكانی بزانین، نێرسالاری لەم دەڤەرەدا لەهەموو شتێك دەبووریٚ و سەودا و مامەڵە دەكات، تەنها لەسەر خۆشەویستی و لەدەستدانی كچێنی نابوورێت، چونكە هەستدەكات شەڕەف و ناموسی خێزانەكەی پێوە گریٚ دراوە، ئەگەر تۆڵەی ناموس نەكاتەوە ئەوا تاكو مردن هەست بەسەر شۆڕی و لەدەستدانی بەهای كۆمەڵایەتی دەكات، بۆیە دەبیٚ ئەو كچە پێشبینی ئەو كارەساتانە بكات.

بۆ دەبێت هەموو ژوانێكی شەوانەی دوو خۆشەویست بەكارێكی سێكسی تەوابێت؟ كە هەموومان دەزانین لە تاریكستان و جەلادەكانی نێرسالاری رزگارمان نابێت، ئەمەش پێویستی بە باوەڕ بەخۆبوون و تەسلیم نەبوونەوە هەیە، بۆ چێژێكی كاتی ژیانی خۆمان نەخەینە بەردەمی تەور.

2– **لە ڕووی دەروونیەوە**: زانایانی دەروونزانی هەمیشە باس لەوەدەكەن، فشاری دەروونی دەبێتە هۆی تێكچوونی هاوسەنگی و لەدەستدانی كۆنتڕۆڵی عەقڵ. كاتێك ئازادییە



دەروونییەکان بەرتەسك دەکرێنەوە، ئەو کەسە تووشی تەپین (احباط) دەبێت، واتە لە ئەنجامی فەشەلی زۆر و بێ هومێدی، تووشی ئەو حاڵەتە دەبێت، ئەم فشارە زۆرە، پێویستی بە بەتاڵکردنەوە هەیە لە ڕووی دەروونی، ئەمیش لە ڕێگای قسەکردن و گلەیی کردن و دەربڕینی حەسرەتەکان و گریان و توڕەیی و ئەڤینی کینە و بوغز، ئەگەر ئەو بەتاڵکردنە نەبوو ئەوا تووشی لادان دەبێت، وەکو لادانی سێکسی و لەشفرۆشی و خۆ بەدەستەوەدان و لادانی کۆمەڵایەتی، وەکو گوێنەدان بە داب ونەریت و ڕێساکانی کۆمەڵگا، دزیکردن و کوشتن و ڕێگری و دژایەتیکردن و دژواری و لادانی دەروونی وەکو دڵەڕاوکێ و کەئابە و هێستریا تا دەگاتە کەئابەی توند و شیزۆفرینا.

لادانی خودیی، وەکو پەنابردن بۆ خۆکوشتن و گۆشەگیری و بێئومێدی زۆر. ڕاستگۆیی زۆرجار لە کاهینەکانی خۆشەویستی گەورەترە، لەنامەکەتدا زۆر بەپەشیمانیەوە دەست دەکەیت بە گێڕانەوەی ئەو نهێنیە. بەڵام لە ڕووی سایکۆلۆژیەوە، ئەمە جۆرێکە لەبەتاڵکردنەوەی ئەو حاڵەتە چەپێنراوەی کە تووشی هاتووە، زۆرجار تاك نهێنی زۆر گەورە و مەترسیدار ئاشکرا دەکات، چونکە لە نائاگاوە وەکو چارەسەرییەکی دەروونی بەکاریدەهێنێ و جۆرێکە لە دەربازبوون لە دڵەڕاوکێی پەنگخواردوو، جا گێڕانەوەی بەشێوەیەکی عەقڵانی کارێکی باشە.. ئەو کارەی لەو شەوە کراوە، ڕەنگە زیاتر خودی تاك و هوشیاری گەنج بەرپرس بێت نەك کۆمەڵگا، چونکە هەڵەی تاك هەڵەی مەترسی و گەورەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام چارەسەری ئەوەیە:.

1–پارێزگاری لەو خۆشەویستیە بکرێت و ئارامگیری سەرکەوتنە.

2–ئەگەر دەکرێت کەمتر پەیوەندی بەیەکەوە بگرن، بۆئەوەی لای باوك و براکانی ئاشکرا نەبن، کە دوای



ئازادی، گەڕانەوەی سیمای ڕاستەقینەی ژیان

دوورکەوتنەوە بۆ شارێکی تر ئەو پەیوەندیە هەرماوە، بۆماوەیەك بەنهێنی بمێنەوە.

3–هەوڵبدرێت پەیوەندی رووخاوی خێزان بەتایبەتی لەگەڵ باوك ئاسایی بکرێتەوە، لە ڕێگای بێ دەنگی و نەرمی و هێمنی لەماڵەوە.

4–بۆ ئەو حاڵەتەی کە باست کردووە دەکرێ کەسێکی شارەزا یاخود لە لای پسپۆری بواری ئافرەتان ئەم هەڵەیە ڕاستبکرێتەوە، لە ڕووی پزیشکیەوە تاوەکو کاتی شووکردن، ئەمە لە کاتێك ئەگەر هاوسەرگیری لەگەڵ خۆشەویستەکەت مەحاڵ بێت.

5–گۆشەگیری و گریان و خەم و خەفەت کارەکەت ئاڵۆز دەکات، دەبێ چالاك و ئاسایی بیت، لە ژیانی ڕۆژانە، بە تایبەتی لە ڕووی خوێندن و خۆ ڕۆشنبیرکردن. هۆشیاری کەسانی تر بکە کە خۆشەویستی دەکرێ سەربگرێ، بەڵام لەدەستدانی کچێنی هەڵەیەکی ناهوشیاریە، چونکە عەقڵیەتی کۆمەڵگای ئێمە ئەو کارەی پێ هەزم ناکرێت.

*پسپۆری دەروونزانی

# بوونێك هەمیشە لە سێبەری ترس..
# ژیانێك بەردەوام لەنێو تارماییەکانی گومان

نوری بێخاڵی

چەندی دەتەوێ و دەیکەیت، ناتوانی ئەدگارەکانی مرۆڤدۆستی ئەم ژینگەیە بناسیتەوە.. نازانی چۆن دیوێکی ژیاندۆستی ئەم کۆمەڵگایە بدۆزیتەوە، ئەو دەمەی خەریکە خەیاڵ دەکەیت، دەورووبەرت پڕە لە فریادڕەس و رۆحی نورانی.. ئەو کاتەی خەریکە باوەڕ دەکەیت کۆمەڵگاکەت هەناسەیەکی ژیانت پێ دەبەخشێ.. ئەو ساتەی خەریکە هەست دەکەیت لە ئامێزی جوگرافیایەک و لەنێو مرۆگەلێکدایت، کە مەئوایەکن بۆ دڵنیایی و باوەشێکن بۆ سۆز، زۆری پێناچێت و لەچاوتروکانێکدا کولتور و دابونەریت کۆی خەیاڵ و باوەڕ و ئەندێشەکانت دەکاتە سەراب.. زۆر نابا ئایین و سیاسەت هەرچی ئومێد و گەشبینی و متمانەت هەیە دەکەنە تەپوتۆز.. لە سای ئەو دێوەزمانە، کە لەگەڵمان گەورەدەبن و شوورەیەکی پتەو و بەرزی تابۆ و تەوتەم و پیرۆزییان بە چواردەوردا تەنیوین، هەمیشە واین سێبەری ترس و تارمایی مەرگ بەدوامانەوەن... هەمو ئەوانە بەردەوام مژدەکانیان لەسەر سفرەی دڕدۆنگی و دووفاقی دەخەنە بەردەممان!

ئەوانەی بەر لە ئێمە ئەوانەی پێش ئەوان و ئێمەش، گیرۆدە و بەندی سیحرێک کراوین زاتی بەتاڵکردنەوەمان نەکردووە.. تەلیسمێك سەراپای ژیان و بوونمانی داگیرکردووە، ئازایەتی شکاندنیمان نەبووە.. هێزێکی تاریك، عەقڵێکی پووچ، پەیوەندییەکی دۆگما و بۆگەن بیرکردنەوە و رەفتارمانی ئاراستەکردووە و دەکات، جورئەتی نەفرەت لێکردن و تووڕ هەڵدانیمان نەکردووە.. ئەو نهێنیانەی جار ناجارێ، ئەو رازانەی تاو ناتاوێ، بە ترس و شەرم و نیوەچڵیەوە، گوایە ئاشکرایان دەکەین و دەیاندرکێنین، ئەو وەهمانەن هێندەی سێبەری ترس و تارمایی بەکۆیلەکردنن، نیو هێندە نهێنی قووڵ و رازی شاراوەنین، کە پەی بە کۆد و مەغزاکانیان نەبەین، کەچی بەردەوام واین لە خولگەیاندا دەخولێینەوە و تەنها لەبەرئەوەی چاوترسێن و رووشکێن کراوین، ناتوانین قفڵی دەممان بشکێنین و پڕ بە گەرووی حەسرەتەکانمان هاواربکەین و بەڕوویاندا بتەقینەوە. ئەگینا لە سادەترین گوتن و مانادا، ئەو بەناو نهێنیانە سیحری کولتور و دابونەریت، تەلیسمی ئایین و سیاسەتن، کە بەردەوام لە مرۆڤبوونیان خستووین و سامی ئەوەیان لا دروست کردووین، کە نەوێرین بەدوای شوناس و بوونی مرۆیی خۆمان بگەڕێین و پرسیار بکەین!

ئەگەر ئەوانەی بەر لە ئێمە، ئەوانی پێش ئەوانیش بەشداربووبن لە بەرهەمهێنان و تەنینی تەلبەندی ئەو وەهمانە، ئەوا ئێمەش، ترس و شەرم و نەوێری خودی خۆشمان لە پاراستن و تۆخکردنەوەی سێبەر و تارماییەکانیان بەشدار و بەرپرسیارین. قەدەر و چوارچێوەیەك، کە دوور و نزیك، کەم و زۆر خزمەت بە بوونی مرۆییانەمان ناکات، لەوێ رۆژێوە تاکو ئەمڕۆ کەرامەتمان دەڕوشێنن و لە ماناکانی ژیان و جوانیەکانی داماندەدۆشن، قەدەر



و تەلبەندەکانی (بڤە و عەیبە و حەرامە)، تەلبەندگەلێك کە لە بەکۆیلەکردنی زیاتر، ژیانێکی جوان و شیاو و پڕ ماناترمان پێ ڕەوا نابینن.. ئیدی حیکمەت لە قبوڵکردنیان چییە؟ ترس لە شکاندنیان لە کوێیە؟!

((شاملۆ))ی شاعیر و مرۆڤ لە شوێنێکدا دەڵێ: ((رۆژگارێکی سەیرە گوڵم، دێن بۆن بەدەمتەوە دەکەن، نەبا رۆژێ وتبێتت خۆشم دەوێی...))، بەراستی مافی ئەوەمان نییە، ئەگەر جورئەتی گومانیش نەکەین، هەر هیچ نەبێ لە خۆمان بپرسین، ئەوان کێن؟ ئەوانە چین؟ کێ ئەو مافەی پێداون وەك سێبەر بەدوامانەوە بن؟ بۆ دەبێ بترسین، لە کێ شەرم بکەین، ئەگەر بپرسین: ئەوە چ دۆزەخێکە لە دەرەوەی بوون و ئیرادەی خۆت، کەسێك – هێزێك– کایەیەك بێت و فەرمانت بەسەربکات ئەوەبیت، کە ئەو دەیەوێت؟ ئەوە چ گاڵتەجارییەکە لە سەرووی سەروەری و مرۆیی خۆت، بەناوی کولتور و نەریت و ئایین و سیاسەت و بەبێ ویستی خۆت بێن و پێت بڵێن:وابدوێ، وا دانیشە، وابخۆ، وا برۆ، وا بپۆشە، وا و وا و....؟!

ئیتر حیکمەت لە دەستەپاچەیی و دۆشدامانمان لە چی دایە؟ بوون و مانەوەمان چ بەها و مانەیەکی هەیە، کە هیچ کامێکمان خۆمان نین و سێبەری ئەوانیترین؟ ئەوە نییە بۆن بەدەممانەوە دەکەن، کە نەك چی دەڵێین و چیمان گوتووە، بەڵکو چیمان خواردووە و خواردۆتەوە.. ئەوە نییە دەیانەوێ بزانن چ خەونێ دەبینین، خەیاڵی چی دەکەین، دڵمان چی و کێ دەخوازێ، بۆن و ئارەزووی چ رەنگێك دەکەین و چۆنە و چی دەپۆشین و... هتد؟!

ئەو حەکیم و واعیز و وەلی و بوونەوەر عەنتیکانەش، کە گوایە کلیلی بوون و چارەنووسمانیان لە دەستە، بەرەنگ و روخسار و بەرگ و ماسکی جیاواز خۆیانمان نیشان دەدەن، بە ریتم و ئاوازی بەرز و نزم.. زبر و نەرم، فەرمان و ئامۆژگارییەکانیان بە گوێچکەماندا دەچرپێنن.. لە شوێنکاتی جیاواز و بە گوتاری هەمە ناو و هەمە رەنگی کولتور و نەریت و ئایین و سیاسەت دەردەکەون و بە گوێرەی پێگە و وەزیفەی کۆمەڵایەتی و رۆحی و سیاسییان، جارێك بەناوی باوك و ریش سپی و پیاوماقوڵ.. تاوێك بەناوی مامۆستا و مورشید و مەلا و شێخ و سەید و وەجاخزادە.. ساتێکیش بەناوی سەرکردە و فەرماندە و عەرەب وتەنی (وهلم جرّا!!)، حوکمە کوێر و سەیر و سەمەرەکانی (عەیبە و حەرامە و بڤە)مان بەسەردا دەبەشنەوە.

تۆ سەیری ئەو هەموو عەشقە ناکامە بکە، بڕوانە ئەو زیندانە زۆر و زەوەندەی ویست و ئارەزووە مرۆییەکانی کائینەکانی ئەم سەرزەمینە، سەرنج بدە هەموو ئەو خەونانەی بە کۆرپەیی سەریان براوە، تەماشای

ئـەو قوربانیانـە بکـە، کـە مـافی سـەرەتایی و ساکاری مـرۆڤ بـوون و خودبوونیـان لێ زەوت کـراوە.. بـە ویژدانـەوە گـوێ بـۆ نـزای پەپوولەیەك رابگرە، کە شەرم دەکات باس لە قوربـانی بـوونی خـۆی بکـات، دەترسـێت و بەگومانـە پەنجە بـۆ جـەللاد و بکوژی خەونـە مرۆییەکانی درێژ بکات، تا دەگاتە ئەو ئاستە بێهوودەیی و گومانکردنەی، ترسی لـەوە هەیە هەرچی بوونـەوەری دەوروبەریـەتی دڵیـان لـە بەرامبەریدا بێتە بەرد!!

چ کارەسـاتێکە بتکـوژن و بـواری دوا قسـەت نـەدەن؟ چ خەراباتێکە بتکوژن و دەرفـەتی دوا وەسیەت نـەدەن؟ چ دۆزەخێکە، مرۆڤێك لـەناو هوتافەکانی کولتور و ئایین و سیاسـەت.. بـەو پەڕی یەئسەوە، بەو پەڕی تـرس و نزاوە بڵـێ: دەمەوێ بژیم؟!

((باوکی)) ئەو قوربانیەی، کە لە ژمارە (4)ی ((کۆوار)دا، نهێنی شەوێك بە ترس و شـەرم و دڵـەڕاوکێ و تکـا و پاڕانـەوە دەگێڕێتـەوە، جەللادێکـە لـەو کائینـە عەجیبانـەی ناومـان بردن، کە پێیان وایە هێز و حیکمەتێك... بـەها و نـۆڕمی کۆمەڵایـەتی، ڕۆحـی خواوەنـد، مـوعجیزەی خـەبات لـە پـشتی گوتـار و رەفتارەکانیانە، تاکو مرۆڤەکان وەك مێگەل لێ بخـۆڕن و کائینـە گوناهـەکانیش.. مرۆڤـە بەدبەخت و قوربانیەکانی نێو ئەو مێگەلـەش (بەتێڕوانینی ئەوان!).. من و تۆ و ئەم و ئەو و ئـەوان و ئێمـە و هـەمومان، شـوکرانەی کۆیلـەیی و گوێڕایـەڵی و لـە مـرۆڤ خستنمان بکەین!!

تـۆی قوربـانی؟ نـەك ڕێگایـەکی نـەگونجاوت نەگرتۆتـە بـەر، کـە دواقسەکانت دەنووسیت، بـەڵکو پێویست دەکات هـەر یـەکێکمان چرکە ساتەکانی ناکامیمان یاداشت بکـەین و ئەگـەر لـەنێو گـەرووی تـاریکیش بێـت، بیگـەیەنینـە بــەردەم نیگاکــان، پێویــست دەکــات نووسینەکەی تۆ دوا نووسین نەبێت، تا هیچ نـەبێت، لـە ڕێگـەیانـەوە ئـەو هێـز و کایانـە و هوتافـەکانیان شـەرمەزارکەین، تـاکو پێیـان بڵـێین چـیتر ئامـادەیی گـوێگرتنی وەعـز و تەلقینـەکانی ئێوەمـان نـەما، چیتر بـە دەست جـەهل وخورافـە و مـۆژدە دۆزەخیـەکانتان، جەسـتەمان هـەپروون بـە هـەپروون مەکـەن.. تــاکو بەیەکــەوە بــە کــۆرس بەســەریاندا هاواربکەین و پێیان بڵێین:

((ئەو دەرسەی
پێویستە فێری بین،
دەرسێکە سەبارەت بە ئەوین،
ئەوینێ
نەکۆت و نەمەرج و نە سنوور بناسێ))*

ئـەوە بەتـەنها نیـت، ئـەوە هـەموومانین، کائینـەکانی دەستبەسـتە و دەم کلۆمـدراوی سـایەی قـەدەر و تەلبەنـدەکانی (عەیبـە و حەرامە و بڤە) و هـەر یەکێك بە خەونێکەوە.. بــە خەیاڵێکــەوە.. بــە برینێکــەوە.. بــە هیوایەکەوە، وێڵی کلاوڕۆژنەیـەکی رووناکی، تینـووی هەناسـەیەکی ژیـانین و لـە ژووانـی ئاسـۆیەکداین، تێیـدا بـوون و شوناسـی مرۆیمان بدۆزینەوە..

لە نووسینی نامە مەکەوە، لە ریزکردنی رستە مرواریییـەکانی پـەیڤ مەوەسـتە، هـەموویان لەگـەڵ شـەپۆلێکی (بـا)دا بـدە بەکەشکـەڵانی ئاسمان و تا دەگەنە (ماڵی خودا) بیانـنێرە.. ماڵێـك کـە پڕیـەتی لـە پـاکی و بەرائـەت و راستگۆیی، ماڵێك تـژی لـە سـۆز و میهـر و بەخشندەیی، ماڵێـك کـە هەمیـشە سـێبەری بێنـەوایان و قوربانیـەکانی دەستی ئەوانەیـە، کـە بـەناوی ئـەو دەدوێـن، ماڵێـك کـە هـیچ بۆشـاییەکی لەسـەر زەوی و لـەناو فـەزا و لـە تـوێی بـەرگی کتێبەکانـدا داگیرنـەکردووە و تـەنها و تـەنها لەسـەر زەمینـی ویژدانـدا خـۆی دەدۆزێتەوە..

تۆ بە تـەنها بـۆ پـەردەی کچێنی مەگریـە، ئـەوە نییـە حەشـاماتێك لـە مـرۆڤ، دونیایـەك لـە خەڵقەنـدەی (خـوا) لـەم جوگرافیایـە، لـە سـای ئەو سیحر و تەلیسمانە پەردەی مرۆڤبوونیان دڕانــدووە.. پــەردەی بــوون و بــەها و سـەروەری.. پـەردەی ژیـان و هەناسـەدان و زیندەگی!

ئێستاش سـەروەختی ئـەوە هـاتووە، گـوێ لـە پاسـەوانەکانیان نـەگرین و لـە نیگابـانی و سانسـۆر و سیخوڕی ئـەوان نەترسـین.. ئـاخر ئـەوان بـەو ترسـی نیگابـانی، بـەو وەهمـی پاسەوانی، بەو چاوی خوێن تێنراوی پڕ رق و کینـەیان، بـەو دڵـی بـەرد و عـەقڵی کـوێر و ویژدانی خەوتوویان، بەو کابوس و دێوەزمەی نێـو حیکایـەت و ئەفسانەکانیان، دەیانـەوێ پـەردەکانی ئـەم شـانۆگەرییە تراژیدیـە درێـژ بکەنـەوە.. ئیتر کـاتی ئـەوە هـاتووە بێدەنگی ماڵئاوایی بکـات.. شـەرم و تـرس بارگـەکانیان تێك نێن، با نامەکەی تۆ رووی عەیبەیـەکیان سپی کاتەوە و هاودەنگی هەموو ئەوانـەش کە تنۆکێ ویژدانی مرۆییان ماوە، پـەردەی بڤـە و حەرامەکانین بـدڕێنێ.. چـش لـەوەی تنۆکێـك خوێن، تینوێتی زمانی لۆمە و شمشێری رق و گوللەی شێتیان تێر دەکات، کە دواجار رەنگی ئاڵی ئەو خوێنە، دێباجەی مانیفێستی مەرگی جەهل و خورافە و وەعز و تەلقینی باوکەکانی کولتـور و ئـایین وسیاسـەت دەنەخـشێنێ و شـەفەقی رۆژێکـی نـوێ.. ژیـانێکی نـوێ و بەهای مرۆڤبوونی لێ دەردەکەوێ!



*ئەڤیننامە، حەمە سەعید حەسەن



# بۆ ئەوەی قەرزاری شەوێکی نهێنی نەبن

رێبەند سەعدوڵلا ئەحمەد

**من** کە هێشتا ناتوانم لەم بوارەدا تەواوی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربێنم و زانستییانە پەیڤەکانم بنووسم، بەڵام سەرنجم لەسەر گوتاری ئەم خانمە هەیە و وەك ویژدان ئاسوودە کردن و هەوڵێك بۆ وەئاگا هێنانەوەی کچان و کوڕانی هاوشارییم، ویستم چەند وشەیەك لەسەر دیاری کردنی کێشەکە و دواتریش چەند ڕێگەچارەیەك کە شیاوی ئەو هەڵوێستە بێت، بخەمە بەرچاوی خانمەکە و خۆشەویستەکەی و دواتریش بیخەمە بەرچاوی ئەو لاو و گەنجە خوێن گەرمانەی وان لەم هەڵوێستەدا و نزیکن لە کێشەکە و هەروەها ئەوانەش کە دەیانەوێت خۆشەویستی و ئەڤینێکی تەندروست بنیاد بنێن.

نامەی خاتوونەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمیان سکاڵاکردن لە ژیان و خێزانەکەی و خۆشەویستییە بێئاکامەکەیەتی، دووەمیش داننانی بە گوناه و هەڵەیەکی گەورە کە باسی بەشی یەکەمی نامەکەی هۆیەکە بۆ ئەم تاوانە!.

ئەم نامەیەی بۆ کۆوار نێردراوە یاخود تیایدا بڵاو کراوەتەوە کۆمەڵێك پەڕەگرافی ناپێویستی تێدایە، کە هیچ ڕۆڵێکیان نابێت لە گەیاندنی بابەتەکە و پێویست بوو نووسەری بابەتەکە وشەی تری لە جیاتی ئەو پارچە پەخشان و لاواندنەوەیە نووسیبان و زانیاری بەسوودی ببەخشیبا و خوێنەرانی بابەتەکەشی زیاتر ئاگادار کردباوە لە کێشەکە، جگە لەوەی ئەم خانمە زۆر بە کورتی و بێ ئەوەی پەشیمانییەکی وا دەربڕێت، باس لە نەمانی سیمبۆڵی کچێتی خۆی دەکات!، کە بەداخەوە پێویست بوو زۆرترینی ئاخ هەڵکێشانەکەی بۆ ئەم هەڵەیە بوایە، نەك بۆ چێژ و خۆشییەکانی ئەم شەوە، کە بەم هەڵوێستەی دیارترین و روونترین بەڵگەی پێنەگەیشتنی عەقڵی و نەبوونی رۆشنبیری سێکسی خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە خانمەکە بە هەڵەیەکی زۆر گەورە لە کێشەکەدا ماوەتەوە و تا ئێستاش لە هەڵەکەی بەردەوامە و نەیتوانیوە تەنانەت بە بیرکردنەوەش بەشێکی کێشە و هەڵەکانی تێپەڕێنێ، ئەو هیچ ترسێکی لە دوا ڕۆژی ژیان و ئەو خۆشەویستیەی نییە، کە باوانی بوونە هۆی ئەوەی ببێتە دۆزەخێك و بیسووتێنێ، سەرەڕای ئەمانەش ئەم خانمە لەتەمەنێکی زۆر بچوکتر دایە لەوەی بتوانێ خۆشەویستیەکی قووڵ بکات، ئەگەر بچوکیش نەبێت ئەوا دەتوانم بڵێم عەقڵ و فامی لەوە کەمتر پێگەیشتوون، کە پەی بە مانا و چێژی راستەقینەی خۆشەویستی بەرێت.

گەورەترین کێشەی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردی، لاوازی هۆشیاری و سنوورداری بیرکردنەوەی لاوانە و دواتریش نەتوانینی کۆنترۆڵکردنی خۆیانە بەرامبەر ئەو هەڵوێستانەی لە دەرفەتێکدا رووبەڕوویان دەبێتەوە، لاوانمان بە داخەوە لە کاتێکی زۆر زوودا هەوڵ دەدەن ئازاد و ڕەها بن لە بڕیاردان ، دژایەتی خێزان و دەوروبەر و کۆمەڵگەش بکەن، بێ ئەوەی لە ئاستی ئەو بەرەنگاربوونەوەیەدا چەکێکی ئەوتۆیان هەبێت.

بەڕێزان ...، ئەو دۆسیەیە کێشەیەکی فرە گەورەیە و پێویستە هەمووان پەندی لێوەربگرن و ڕێگە بەوە نەدەن خۆشەویستی بەرەو ئەو ئاستەی هەڵە و خلیسکانەتان بەرێت!، خۆشەویستی بۆ جوانکردنی ژیان و پێگەیاندن و تێکەڵکردنی عەقڵ و فامینی دوو ڕەگەزە، بۆ ئەوەیە مرۆڤ بتوانێت لە ڕێگەیدا ژیان بدۆزێتەوە، نەك خۆی و ژیانیشی تێدا ون بکات، خۆشەویستی لەو کەسانە بێبەرییە کە دەیکەنە هۆیەك بۆ خۆ لێگۆڕان و خۆ ون کردن و تاوان کردن، نووسەری ئەم پەیڤانە لەگەڵ ئەوەی نایەوێت دڵ ڕەقانە و دۆگمانیزمانە و تاریکبینانە بنووسێت، بەڵام ناچارم راشکاوانە و فریاگوزارانە بێمە ئاخاوتن و ئەوەش بدرکێنم کە هەرزەکارانمان تامەزرۆی چێژی سێکسیین و کەمتر بەلای خۆشەویستییەکی پاکدا دەچن، دیارە هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە رووی تەمەن و کەسایەتییەوە پێنەگەیشتوون و تەنها چاولێکەرەوەی فیلمێکی بیانی و حەزێکی بێ سۆزن، خۆشەویستی لە ئێستادا و لەلایەن گەنج و لاوە تازە پێگەیشتووەکان، بۆتە چاولێکەری و دووبارەکردنەوەی رەفتاری گەورەکان، یاخود بۆ کات بەسەر بردنە و پلان و نەخشەیەکی لەپێشتری بۆ دانەندراوە.

لێرەوە دەمەوێت بێژم: بۆ ئەوەی لەدەمێکدا ئاسوودە بژین، ئەو ساتەی ئێستاتان کە کێشە و ناخۆشیەکی گەورە و قورسی تێدا نییە، بە بیرکردنەوەی خەیاڵاوی و دوور لە واقیع بەسەر مەبەن، لەجیاتی ئەوە پلان و نەخشەیەك بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی هەڵوێستەکانی داهاتوو دابنێن، پلانێك بۆ ئەو کێشانەی سبەینێ دێتە ڕێگەتان دابنێن، هەوڵ مەدە



لە بێ کاریدا کێشە بۆ خۆت پەیدا بکەیت، هەرگیز شەڕ لە بەتاڵی باشتر نییە بۆ گەنجێك، کاتێ ناگەیتە ئامانجێك بۆ خۆشەویستیەکەت، ناکرێ بە هەڵەی گەورەتر وەڵامی هەڵەکانی باوان و ناسیاو و کۆمەڵگە بدەیتەوە، هەرگیز هەڵەی کۆمەڵگە لەوە گەورەتر نییە، کوڕێك دەست بۆ سیمبۆڵی کچێتی کچێك بەرێت، ناکرێ کچ ئامادە بێت بەهای کچێنی خۆی بخاتە ژێر پێی هەر کەسێك، جا با خۆشەویست و سوارچاکی خەون و خەیاڵیشی بێت.

هەمووان دەزانین کۆمەڵگەی باوکسالاریماڵێکە لە هەڵە و بێ ویژدانی و دونیایەکە لە عەقڵ و دادسالاری دوورە، ئەوە نۆڕم و بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردییە کە بۆتە دێوەزمەیەکی زەبەلاح و ناشیرین لەبەردەم چارەنووسی لاوان.

هەمیشە دابی عەشایەری لەسەر پێ وەستاوە، بۆ ئەوەی بە تاوانی خۆشەویستی کردن گەنج لە جوانی تەمەنیدا بکاتە قوربانی و بیر لەوە نەکرێتەوە ئاخۆ ئەمانیش مرۆڤن و مافی ژیانیان هەیە و ناکرێت لەسەر خۆشەویستی کردن ئەو رەفتارانەیان لەگەڵ بکرێت و هێندە بێڕەحمانە سزا بدرێن و تووشی هەڵەی گەورەیان بکەن.

لێرەدا دەبینین کە کچ و کوڕێکی ئەم شارە لەبەر ئەوەی یەکتریان خۆشویستووە و بڕیاریان داوە ببنە هاوسەری یەکتر، کۆمەڵگە رێگەی لێگرتوون و هەڵەیەکی گەورەیان بەرامبەر کراوە، دواتریش ئەمان لە تۆڵەی ئەم هەڵەیە هەڵەیەکی گەورەتریان کردووە و ژیانی خۆیان خستۆتە ژێر تارمایی مەترسیەکی گەورەی کۆمەڵگە، لەهەر حاڵەتێکیشدا بۆی هەیە ئەم تارماییە ژیانییان لێبستێنێتەوە.

لە کۆتاییشدا بە بڕوا و متمانەیەکی تەواوە دەڵێم: پێویستە ئەو خاتوونە و خۆشەویستەکەشی، ئەوانەش کە تووشی هەمان هەڵوێست بوونەتەوە...، بەردەوام بن لە هەوڵەکانیان تا بەیەکتری بگەن، رێگاکان هەر چەند دوور بن رۆژێك و کاتێك دادێت پێیبگەن و هەورەکان ئاسمان چۆڵ بکەن، لە بووندا هیچ شتێك ئەستەم نییە، هەموو شتەکان شیاوی گۆڕانن، هەرگیز پێویست بەوە ناکات مرۆڤ لە ئاستێکدا بوەستێ و وا بزانێت ئیدی ئەوە دوا وێستگەی هەوڵ و تواناکانیەتی، توانای مرۆڤ سنووری بۆ نییە، بێگومان بن لەوەی هەر کەسێك ئاوات و حەزێکی لەم جۆرەی هەبێت، کە حەزێکی رەوا و سادە و ساکاریشە، ئەگەر باوکان و دایکان و خزمان چەندە دڵ ڕەق بن، رێگەیەك هەیە بەنێویدا بچیت و گرێیەکان بکەیتەوە، هیچ کێشەیەك نییە چارەسەر نەکرێت، تەنها ئارامی و متمانە بەخۆبوونی پێویستە، دڵنیا بن کێشەکانتان لەوە بچوکترە کە تێیگەیشتوون، ئێوە بڕیار بدەن بە عاقڵانە چارەسەری بکەن، منیش دڵنیاتان دەکەمەوە، کە زۆری پێناچێت چارەسەر دەبێت.

rebandahmed@gmail.com

# نهێنییەکە هەر بپارێزە، بەڵام گرنگ ئاکامەکەیەتی !

کەیفی شەمزینی

**رەنگە** بە سەدان رووداوی لەو جۆرە تا ئێستا تێپەڕیوون و لــە داهاتووشــدا بێگومــان ئەگــەر کــار بــۆ ســەرلەنوێ نۆژەنکردنــەوە و چاکــسازیی و جێگیرکردنــی بنــەماکانی یەکسانی لە نێو کۆمەڵگادا نەکرێ، بە دەیان و سەدان رووداوی دیکەی هاوشێوە سەر هەڵدەدەنەوە، من بە وردی نامەی ئەو کـچە و چـیرۆکی رووداوەکــەم خوێنــدەوە و لــە دووتــوێی بابەتەکەدا چەند راو سەرنجێکم لەلا درووست بوو، وا لێرەدا دەیان خەمە روو ، لە سەرەتای نامەکەدا وا دیارە ئەو مرۆڤە بە شێوەیەکی زۆر خێرا و کاریگەر کەوتۆتە داوی خۆشەویستیی بەرامبەرەکەی و تا رادەیەکی زۆر رۆڵی لە ژیانی تایبەتی ئەو دا هـەبووە، لـە نامەکـەدا ئامـاژە بـەوە کـراوە کـە دوای خـوازبێنی یەکەم و رەتکردنەوەی ئەو خوازبێنییە لەلایەن ماڵی کچەکەوە، ئــەوان بــەردەوام بوونــە لــە ســەر ئــەو پەیوەندییەکــەیان و ئالوگۆڕکردنی خۆشەویستی نێوانیان، کە من پێم وایە ئەوە مافێکی رەوای خۆیەتی و دیسان پێداگرتنێك بووە لە سەر ئەو حەز و ئـارەزووەی کـە شـەو و رۆژی لـە پێناویـدا کردۆتـەوە، هەروەها دووبارە دەستپێشخەریی کوڕەکە لە خوازبێنی کچەکە بـۆ جـاری دووەم راسـتگۆیی ئـەو کـوڕە لـە پابەنـد بـوون بـەو خۆشەویـستییە دەردەخـات، ئەمـەش هەڵویـستێکی بـەرزە و نواندنی وەفادارییشە بۆ ئەو کچە. لێرەوە دێمە سەر سەرەتای هەوڵەکانی ئەو کچە لە دوای دوو جار خوازبێنی بۆ گەیشتن و لە نزیکەوە گفتوگۆکردن لەگەڵ کوڕەکە و دانانی رێوشوێنی گونجاو بۆ گەیشتن بە یەکتر. یەکەم: ئایا پەیوەندی کردنی ئەو کچە لە رێگەی تەلەفۆن و دواتر هەوڵدان بۆ یەکتر بینین هەر لە یەك کات و شەودا  و دواتر مانەوە تا بەرەبەیان چ مەبەستێکی لە دوواوە بووە؟ ئایا لـە دیدی کچەکە ئەم هەنگاوەی تەنها بۆ سـاتێك حەسـانەوەی دڵـی پـڕ حەسرەت و هەڵرشتنی کەف و کوڵەکەی بووە؟ یاخود بینوییەتی لە رێگەی خۆ لەبیرکردنەوە و شەیدایی بۆ ئەو کورە لە رێگەی پەیوەندیی سێکسییەوە هەم حەزە پەنگخواردوەکانی خۆی پـێ دادەمرکێنێتەوە و هەمدیس ماڵباتی خۆیشی ناچار بکات بەو پەیوەندییە رازی ببن و لەو رێگەیەوە ئەوان ببنە هاوسەری راستەقینەی یەکتر.

دووەم : ئایا ئەو کچە بیری لەوە نەکردۆتەوە کە ئەو بەو کارە خۆی بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەبات، لە کاتێکدا باوك و خانەوادەی ئەوان بە خوازبێنییەکی رەوا  وەڵامیان نەخێر بوو؟



چ جـای ئـەوەی ئەمەشـی بێتـە ڕێ و کـچەکە لـە رێگەیـەکی ناشەرعییەوە مومارەسەی سێکسیی ئەنجام بدات؟ ئەی باشە نەدەکرا ئـەو هاورێیـەی پێدەچێت دەستە خوشـکێکی نزیك و راسـتەقینەی ئـەو بـووە ( ئـەویش هـەروەك لـە نامەکـەدا باس کـراوە، کـە شـەو مانـەوە لـە ماڵەکـە بە رەزامەندی خانـەوادە و گێڕانەوەی کێشەیەکی دەروونـی لـەو جۆرە، بێگومان دەلالـەتی ئـەو نزیکییـە و بـڕوا بـوون پیـشان دەدات) رێنمـایی دەسـتە خوشکەکەی بکردایە و دوای یەکتر بینینی هەردوولا جارێکی دیکـە بـە خۆشـی بێـت، یـاخود نەخۆشـیی و بـە دوو قـوڵی گەڕابانەوە ماڵەوە؟ کە من پێم وایە هەر لە سەرەتاوە ئاکامە نەرێنییەکان و دژوارترکردنی رەوشەکە بەو مانەوە دوو قۆڵییە لە شـەوێکی پـڕ ئازادییـدا چاوەڕوانی کـار لـە کـار ترازانەکـەی لێدەکرا.

سێیەم : هـەر لـە چوارچێوەی نامەکەدا و لـە ژووانی بـە یـەك گەیشتندا، ئاماژە بە واژوکردنی پێکهێنانی هاوسەرێتی کاتیی (زواج عورفی) کراوە، کە من وای دەبینم ئەمە تەنها کارێك بووە بـۆ دڵدانـەوەی نێوانیـان، ئەگـەر نـا ئـەم زەواجە شـێوەییە لـە دەرەوەی هێز و تێڕوانینی ئەو دوو خۆشەویستە کارتێکی بێ کەڵك و بێ بایەخ و باوەڕ پێنەکراو بووە.

چوارەم : لە بارەی تەمەنی دوای ئەو بەیەك گەیشتنە کاریگەرە، کە بە چەند ساڵێك دادەنرێت، ئایا کوڕەکە بۆ چ  هەنگاوێکی نەهاوێشتووە بۆ کۆتایی هێنان بەم مەسەلەیە و ڕازی کردنی خێزانی ئەو کچە و گۆڕینی ڕاکەیان؟ هەروەك لە بەشی کۆتایی نامەکەدا ئاماژەی بۆکراوە، کە کوڕەکە سەر زارەکی هەمیشە ئامادەی قوربانیدانە لە پێناو ئەو خۆشەویستییە و گەیشتن بە یـەکتر، بـەڵام ئایا نـاکرێ ئـەو وشـە سـەر زارەکیانە پاڵێکیان پێوەبنرێ و بە شێوەیەکی کردەیی بخرێنە سەر ئەرزی واقیع ؟

من وای دەبینم کە تاکە چارەسەر بۆ بە ئاکام گەیشتنی ئەو کێشەیە و دەرهێنـانی ئـەو کـچە بەسـتەزمانە لـەو بارودۆخـە مەینەتـەدا، تـەنها هەوڵـەکانی کوڕەکەیـە بـەو ئاقارەدا، چونکە



بۆ دەبێت ژوانی دوو خۆشەویست بەکارێکی سێکسی تەواوبێت؟

ئێستا مەسەلەکە دوو شێوەی وەرگرتووە، خۆشەویستی و خوازبێنی و تەمەنناکردن بۆ بوون بە هاوسەری یەکدی، لە دیوی دووەمیشدا پەیوەندی و مومارەسەیەکی زۆر ناشەرعیی و نهێنی، کە دەروون و بیرکردنەوە و تێڕوانینی کچەکەی بەرەو ژیانێکی ئەستەم و قەدەرێکی زۆر تاڵ بردووە، کە خۆیشی نازانێت ڕێڕەوی ژیانی بەرەو کوێ گوزەر دەکات، بە بەدیهاتنی خەون و خۆزگەکانی کۆتایی دێت یاخود بە سزای مەرگ و روو ڕەشی لە نێو خانەوادە و دەوروبەردا تەواو دەبێت، کە هەردوو ئەگەریش تا ئێستا ئومێدێکی بەهێزیان هەیە و لە هەر چرکەساتێکدا چاوەڕوانی ئاشکرابوون و تەقینەوەیان لێدەکرێت، لە بەر ئەوە سەرەڕای دەربڕینی هاوسۆزیی خۆم بۆ خاوەنی ئەو نامەیە و یەك رابوون لەگەڵی سەبارەت بە داخراوەیی کۆمەڵگا و مانەوەی دەسەڵاتی باوك سالاریی و حەرام کردنی کچ لە دەستنیشانکردن و مومارەسەکردنی حەز و خۆزگەکانی، بەلاّم هەمدیس بە سەردانی ئەو شەوە نەگبەتییە و ئەو بەیەکگەیشتنە چاوەڕوانکراوە، ئەو پەیوەندیە لەلایەك هێزێکی دیکەی تێکەوت و لە بەرامبەریشدا مەسەلەکە قوڵترکرایەوە، بەوەی ئەگەر بەر لەو شەوە ئەو پەیوەندییە ناکام با رەنگە کاریگەرییەکەی کەم تا زۆر لە سەر دەروون و تاڕادەیەکیش ژیانی ئەو کچە هەبووایە، بەلاّم دوای ئەوە کێشەکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە و کەوتۆتە قۆناغێکی دیکەوە، بەوەی ئایندە و هاتنەدی خەون و خواستەکانی پەیوەستە بە کۆتایی هاتنی ئەو کێشەیە، بە ئەنجامێکی باش کە لە بەرژەوەندی هەردوولادا بێت، هیوادارم هەرواش بکەوێتەوە .

تێبینی : – چەند زانیاریەك هەن دەبوایە لە چوارچێوەی نامەکەدا باس کرابان:

–دوای بەجێهێشتنی دەستە خوشکەکە و مانەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەی و دواتر گەڕانەوە لە بەرەبەیاندا، بە شێوەیەکی دیکە ئایا روئیا و تێگەیشتنی دەستە خوشکەکە لەو رووەوە چیی بووە ؟

–سەرەڕای ئاماژەکردن بە جیاوازی تەمەن لە نێوان هەردوولادا، بەلاّم دەبوایە تەمەنی کچەکە و کوڕەکە بە درووستی و وەك خۆی دەستنیشان بکرابایە، هەروەها باری کۆمەلاّیەتی کوڕەکەش لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا بخرابایە روو، ئەمانەش ئەگەر زانرابان وابزانم سەرنج و تێڕوانینەکان لەو بارەیەوە دەوڵەمەندتر دەبوون .

keyfishemzini@yahoo.com

# نهێنی ئەو شەوە، گێڕانەوەی چیرۆکێکی راستەقینە

**شێرکۆ: خەریکە هەندێك دابونەریتی بێمانا دەبنە سیمای ناسینەوەی کولتوری ئێمە.**

**عوسمان: لە کۆمەڵگای کوردی لە کونجێکی تاریکەوە دەروانرێتە پەیوەندی نێوان کچان و کوڕان**

**کیشوەر: زۆرن ئەو کچانەی بەدەست کەسانی دڵڕەق دەناڵێنن و تەنها بەشمەینەتی بەشیانە.**

جەبار عەلی

**زۆرن** ئەو کەسانەی تێڕوانینی تایبەتیان سەبارەت بە بابەتی (نهێنی ئەمشەوە، بۆ کەس مەگێڕەوە) هەیە، کە لە ژمارە (4) کۆواری (کۆوار) لە لاپەڕە (50) بلاَو کرابووەوە، کە نامەی بەسەر هاتی کچێکی ئەم ولاَتەیە و عەشق بەرەو ئاقارێکی نادیاری بردوە، لەم ڕێگەیەوە هانای هێناوتە بەر ئەم کۆوارە و دەخوازێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە. دوای ئەوەی (کۆوار) کەوتە بەر دیدی خوێنەران، کۆمەڵێ گەنج لە گۆڕەپانی کۆلێژی پەروەردە گفتوگۆیان لەمەڕ ئەو بابەتە دەکرد، (شێرکۆ)ی قوتابی لەگەڵ خوێندنەوەیدا چووبووە نێو جیهانێکی تر و هەمدیس جارێکی دیکە نامەکەی خوێندەوە و ئاهێکی هەڵکێشا و پرسی: ئاخۆ ڕۆژانە چەند کچی هاوئاریشە بەدیار چاوەڕوانی و قەدەری نادیار، شەو دەکەن بە ڕۆژ و ڕۆژێش دەکەن بە شەو؟ کاتێ پرسیاری ئەوەم لێکرد ئاخۆ تێڕوانینی ئەو چۆنە، هێشتا لە تەواوکردنی پرسیارەکەم نەبووبوومەوە وتی: بەڕاستی ئەم بابەتە جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە و دەبێ کۆمەڵگا و دامو دەزگاکان بە هەندی وەربگرن، ئەگەرچی کۆمەڵگا جووڵەیەکی بچووکی کردووە لەڕووی بە ئاگا هاتنەوە و دونیا بینیدا، بەلاَم لە زۆر شوێن هەندێ دابونەریتی بێ بنەما و دوور لە هەر



ئایدیۆلۆژیایەك بوونیان هەیە و خەریکن دەبنە سیمای ناسینەوەی کولتوری ئێمە، کەدەبێ ڕۆژگارێك دابێ ئەو عورفە دوا کەوتووە تێك بشکێ و بگەڕێینەوە بۆ بەها جوانەکانی ژیان و لەوێدا خۆمان ببینینەوە. ئێمە لە نێو گفتوگۆدا بووین و بارنیش هێدی هێدی تەڕی دەکردین، کەسێکی تر کە زانی (کۆوار)م لە دەست دایە و لە ترسی تەڕبوون خستوومەتە ژێر هنگڵمەوە، وتی توخوا بەیارمەتیت ئەم گۆڤارەم بدێ، تا بیخوێنمەوە، منیش داوام لێکرد راستەوخۆ لاپەڕە(50) بکاتەوە و بیخوێنێتەوە، ئەو بەسەر چاوێکی کرد و ڕۆیشت.

شێرکۆ سەیری کاتژمێرەکەی کرد و سەبارەت ئەو کچە بەدبەختەی کە لەم سیناریۆ راستەقینەیەدا پشکی شێری چارە ڕەشی بە بالاَ دابڕاوە، وتی:( کاتێك لەو پەڕی خۆشی وخۆشەویستیدا لەم دونیا جوانە لە دایك دەبین و شیرینی لە دایك بوونمان دەبەشرێتەوە، تاڵی و سوێری ژیان بە قوڕگماندا دەکرێ، گریانی لە دایکبوونمان درێژە دەکێشێ و تا پیری و تا مردن جێمان ناهێڵێ). شێرکۆ لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو وتی: ئەو کاتەش کە خۆشەویستی دەمانباتە ناو قووڵایی هیوا و خۆزگەکان و هەموو خۆشییەکان لە چاوی خۆشەویستێکی وەك ئەم کچە عاشقە دادەبینین، گریان و نەهامەتییەکان دەست بەردارمان نابن، زۆرجار لەبەردەممان ژیان ئەوەندە بچووك دەبێتەوە، کە تامەزرۆی یەك وشە بین لە ڕێگەی ئامرازێکی بێ گیانی وەك(تەلەفۆن). ئەو وتەیەکی (ڕۆسۆ) ی بە بیرمان هێنایەوە، کە دەڵێ: (مرۆڤ بەسێ کۆت بەستراوەتەوە، کاتێك لە دایك دەبێت بەلانك و دەسرازە، دواتر بەداب ونەریت وتەقالید، دواجاریش دەخرێتە ناو گۆڕێك، کەواتە ژیان هەمووی کەلەبچە و کۆت و بەندە)، ئەو وای بۆ دەچوو کە کێشەی ئەم کچە لەم پێناسەیەدا تێپەڕ ناکات، چونکی باوکی ئەو کچە لەکۆمەڵگایەکی چەقبەستوو دەقی بە هەندێ داب ونەریت و ترادسیۆنەوە گرتووە، ناتوانێ لێیان دەربچێ و هەر ئەوەشی لێ چاوەڕوان دەکرێت. ئەو لەسەر واقیعی نێو بابەتەکەش وتی: کاتێك سەرنج لە کێشەکە دەدەین بۆمان دەردەکەوێت، کە خۆشەویستی هەردوو لایان دەگاتە ئەوەی کە (واژۆی زەواج عورفی) بکەن، شەوێك دوور لە خەم و ناخۆشیەکان پەردەی کچێنی دەدۆڕێنێ، لە ڕوانگەی دەروونیەوە ئەکرێ تیورەکەی (سیگمۆند فرۆید) وەکو نموونە بهێنینەوە کە پێی وایە: (مرۆڤ خەم و ناخۆشیەکانی لە جەستەدا ناڕوات و لە هەستەوە دەچێتەوە نەست و هەر کاتێك بۆی هەڵکەوێ وەکو بورکانێك

دەتەقێتەوە). بەو پێیەی خۆشەویستی ئەم کچە بۆتە خەمێکی گەورە و سەراپای گیانی داگیر کردووە، زۆر ئاساییە لە دەرفەتێکدا ئەم حاڵەتە رووبدات، راستە لە نووسینی نامەکەیدا شەرمەزارییەك بەکچەکەوە دیارە و پەشیمانە لەو حاڵەتەی بەسەری داهاتووە، بە تایبەت لە ترسی کۆمەڵگا و پێوەرەکانی، وەلێ ئەکرێ بە کاردانەوەیەکی بچووێنین.

کەسێك بە دەست ئاماژەی بۆ شێرکۆ کرد، دیار بوو مەبەستی ئەوە بوو کاتی چوونە هۆڵی خوێندنی وانەکانیەتی، ئەویش سەرێکی لەقاند و دووبارە سەیری کاتژمێرەکەی کرد و بەم شێوەیە کۆتایی بە قسەکانی هێنا: ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێ و لە هەموو ڕوویێکەوە جێگەی لێکۆڵینەوەیە، ئینجا بە پەندێك کۆتایی بە قسەکانی هێنا کە دەڵێ:(سەیرە خەسوو لەگەڵ بووك خراپە و دژایەتی دەکات، بۆ دەبێ خەسوو بۆ خۆیشی بووك نەبووبێ) مەبەستی ئەوە بوو ئەو کە عاشق بوو، بۆ باوکی هێندە دڵڕەقە، دەبێ خۆشی قەت عاشق نەبووبێ.

ڕۆژی دواتر ئەو گەنجە کە (عوسمان محەمەد)ی ناو بوو، کەوتبووە نێو دەریایەکی قووڵی بیرکردنەوە، ئەو هێشتا پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هیچ کچێك دانییە، بەڵام ئاشنایەتییەکی باشی پەیداکردبوو، بەر لە هەموو گرێبەندێك دەبێ بەرنامە رێژییەکی تۆکمەی هەبێ، ئاخ و داخی ئەوەی هەڵدەکێشا، کە چۆن ئەوان نەیانتوانیوە، لە پەنای ئەم خۆشەویستیە پاکە باڵا دەست بن لە هەوەسی خۆیان، تا لە بڕی چەند چرکەیەك لەزەتی خۆشی جەستەیان، پەنا بەرنە بەر (زواج عورفی)، ئەمە بەگرێیەکی نەکراوە دەزانێ، پێیوایە ئەم حاڵەتە کەمکردنەوە و بچووککردنەوەی خۆشەویستیەکەیە، چونکە ئەم پەیوەندییە کراوەتە قوربانی هەوەس، بەداخەوە کە کۆنترۆڵەکەیان لە دەست داوە، لە هەمانکادا ترسێکی لا دروست بووە، کە بۆچی لەم کۆمەڵگایە لە کونجێکی تاریکەوە دەڕوانرێتە پەیوەندی نێوان کچان و کوڕان.

لە سەروبەندی ئەوە دابووم، کەسێکی تر بدۆزمەوە لەسەر ئەم بابەتە قسەی هەبێت، (کیشوەر یوسف) کچێکی تر بوو، خۆی وتەنی زیاتر لە (9) جار لەسەر یەك ئەم بابەتەی خوێندۆتەوە، ئەو هێشتا بە تەمەن هەرزەکارە، رامانێکی دووربینی هەبوو، گەیشتبووە ئەم بڕوایەی، کە زۆرن ئەو کچانەی بەدەست کەسانی دڵڕەق دەناڵێنن و تەنها خۆ خواردنەوە و بەشمەینەتی بەشیانە، دڵڕەقی ئەم باوکەش پەیوەندی بە پەروەردەی کۆنەوە هەیە و کاریگەری لەسەر ماوە، ئەو وتی: بەداخەوە ئەم کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی دڵڕەق و پڕ کارەساتە، مرۆڤی شەرمنیش لەبەرامبەر کەسانی دڵڕەق تەنها توانەوە و خۆ خواردنەوەی بۆ دەمێنێتەوە، بۆیەشە (نەخێر و نابێ و نا) وەڵامی سەرەکی ئەو خوازبێنیانەیە، کە هەست بە بچوکترین پەیوەندی کچەکانیشیان لەگەڵ کوڕان دەکەن، یەکسەر بیریان بۆ ڕەوشت دەچێت و وادەزانن لە بەر چاوی هەموو جیهان (ئەتك ) کراون.

(ئاشەنگ)ی هاوڕێی (کیشوەر)یش بە جۆرێکیتر لێکدانەوەی هەبوو، ئەو کچی ماڵەوەیە، بەڵام لە ماڵباتێکی تاڕادەیەك خوێندەوار پەروەدە بووەو شتگەلێك فێر بووە، ئەو دەڵێ: مادام ماڵی باوکی ئەو کچە بەدبەختە چەشنی زێندانێکە، ئیدی مانەوەی لە ماڵی باوکی لە پای چی؟ بۆچ یاخی نابێت و ناڕوات؟ ئایا ژیانی تەنیایی سەربەستی تر نییە و لەوەی لەنێو کۆمەڵگا دەست بەسەر بێت. بۆیە بەلای (ئاشەنگ) تاکە ڕێگەچارە جێهێشتنی ماڵی باوکی و ڕزگار بوونیەتی لەم زیندانە.



((دایکی ڕێچکە) خودان بەسەرهاتێکی نزیك لەم رووداوەیە و خاوەنی بڕوانامەیە، ئەو لەکاتی شووکردنی تووشی هەندێ گرفتی لەم چەشنە بووە، ئەو بڕوای پتەوی بە چارەنووس و بەخت ونسیب هەبووە، بە خۆشەویستی مێردی کردووەو دوای دوو ساڵ پەیوەندی و نەدرکاندنی لە لای هیچ کەسێك، یەکەم کەس لای باس کردووە دایکی بووە و توانیویەتی لەم ڕێگەیەوە قەناعەت بە باوکی، کەم دڵڕەقتر لە باوکی ئەمکچە بێنێ، بەناچاری پەنای بردۆتەوە بەر کەسێکی ئایین پەروەر و (نوشتەیەکی) لێکردووە و ئاوەکەی دەرخوارداوە. دواتر چۆتە لای ئەو کەسانەی کە کاریگەریان بەسەر باوکیەوە هەبووە، زانیوویەتی لە قسەیان دەرناچێ. بۆیەش داوا لەو کچە دەکات سوود لە ئەزموونی ئەو وەربگرێ و پەنا بۆ ئەم کارەببات ، داواش دەکات پەنا بۆ خۆ کوشتن نەبات و دان بە خۆیدا بگرێت و پشووی درێژ بێت.

(بەختیار عەبدوللا) قوتابی دوا قۆناغی خوێندنی کۆلیژە و تامەزرۆی خوێندنەوەی بابەت و گرفتە کۆمەڵایەتیەکانە، دەڵێ زۆربەی چیرۆکەکانی خۆشەویستی ئەو وڵاتە لەنێو سێگۆشەی(بڤە و مەکە و عەیبە) گەمارۆ دراون و بیانووی شەرەف و کەرامەتەوە، ژیان وێکهاتۆتەوە، ڕاکردن لە کۆمەڵگای نەریتی، مەرگ خەڵاتیەیتی و پساندنی زنجیری هەندێ لە ڕێسا پیرۆزەکانی (خێزان) دەچنە واری مەحاڵ. بەختیار بە دەم هەڵکیشانی ئاهێکی قووڵەوە، دەیگوت ئای خوایە بۆچی هەتا هەنووکە کولتوری ( ڕەتکردنەوەی بەرامبەر، کوشتن و خۆسووتاندن) زاڵە.

بەهەر حاڵ ئەمە چیرۆکەی واقیعی نێو خێزانێکی کوردە، مادامەکێ هەم کوڕکە و هەم کچەکەش لە سەر پەیوەندی نێوانیان مکوڕن و چاویان بڕیووەتە ئایندە، کێشەکەیان بە تایبەت خەمی گەورەی کچەکە، پێویستی بە یارمەتی دەوروبەر هەیە.